سەرۆک کۆمار لە سلێمانی چاوی بە ژمارەیەک روناکبیر و نوسەر و رۆژنامەنوس کەوت

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال رەشید لە پارێزگای سلێمانی چاوی بە ژمارەیەک روناکبیر و نوسەر و رۆژنامەنوس کەوت.

نوسیگەی راگەیاندنی سەرۆک کۆمار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:لە سەرەتای دیدارەکەدا، کە ئەمە یەکشەممە 24-12-2023 بەڕێوەچو، سەرۆک کۆمار تیشکی خستەسەر دوا پێشهاتەکانی بارودۆخی وڵات، هەروەها باسی لە گرنگترین بڕگەکانی کارنامەی حکومەت کرد، کە بریتییە لە چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و هاندانی وەبەرهێنان و کردنەوەی دەرگای هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهاندا.

سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوەدا، کە ئاسایەکی بەرفراوان بە وەبەرهێنان رەخساوە لەبەر رۆشنایی سیاسەتی کرانەوەی حکومەت بەرەوی وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا و جێختیشیکردەوە کە هەموو وڵاتانی جیهان شانازی بە مەژو و رەو و پێگەی عیراق و بەشداریکردنی لە بوارە مرۆییە جیاجیاکاندا دەکەن.

هەر لە دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار، پێویستی کارکردن بە کەتاییەهێنان بە ناکۆکی و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی بەردەم بنیاتنانەوەی پێیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم دوپاتکردەوە، لەو چوارچێوەیەشدا ئاماژەیدا بڕگرنگی پابەندبوون بەجێبەجێکردنی یاسای بودجە و دەستبەرکردنی موچە

و شایستە دارایییەکان بە فەرمانبەرانی هەرەم هاوشێوەی هاوتاکانیان لە تەواوی پارێزگاکانی وڵات.
سەرەک کۆمار ستایشی ڕێی گرنگ و کاریگەرانەی حکومەتی کرد لە نەهێشتنی تیرۆر و ئەرکە هێنوکەییەکانی بە ریشەکێشکردنی پاشماوەکانی تیرۆر و ئاوێدانکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان، جێختیشیکردەوە لەسەر پێلەکردن لە ئاوێدانکردنەوەی قەزای شنگال بە ڕێخساندنی دەرفەتی گەڕانەوەی دێیان هەزار ئاوارە بە زێدی خێیان، ئاماژەشیکرد بەوەی هەشتا ئێوان لە دەخێکی سەختدا دژین و کەمپی ئاوارەکان شوێنی شیاونین بە ژیان.
سەرەک کۆمار لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا داوای یەکخستنی گشت توانا و هەوڵەکان کرد بە بەرەنگاربونەوەی بڵاوبونەوەی بڵای ماددە هەشبەرەکان، چونکە مەترسیی ڕاستەقینەن لە سەر کەمەگە.
سەرەک کۆمار ئاماژەیکرد بە گرنگی دەستبەرکردنی ڕێی پێکهاتەکان لە بونیادنانی عیراقی نوێدا، هاوکات ستایشی گەشەکردنی شارەکانی کرد، کە پارێزگاکانی هەرەمی کوردستان بەخێیانەوە بینیوە، پێویستە پارێزگا جیاوازەکانی عیراقیش بگرێتەوە.
لەبەرامبەردا ژمارەیەک لە بەشداربوانی دیدارەکە لە نوسەران و روناکبیران، پەشنیار و بۆچوون و بیرکەیان سەبارەت بە گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم چالاکییە ئەدەبی و کەلتووریەکان خستەو، هەروەها هیوایان خواست بەڕێزیان هاوکاربەت لە هەوڵەکان بە کەتایهێنان بە هەلومەرجی سەختی ئابوریی هەرەم لە ڕێگەی داواکردن لە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرەم تا پابەندبن بە ڕێککەوتنەکان بەتایبەت یاسای بودجەی فیدراڵی.